

نووسینی: کەریمی حیسامی

بنکەی سارا بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە سوێد - ستۆکهۆلم ١٩٨٨

نرخی ٢٥ کرۆنی سوێدی‌یە

www.kerimhisami.com

" لەپێناو چی دا "

ئەو کوان و دەمەڵە پیسە پڕ لە کێم و چڵك و زوخاوەی کە لە کونگرەی چوارەوە ، وەك شیر پەنجە گشت ڕەك و پۆی لەش و گیانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی داگرتبوو، دایدا بوە نێو بەدەنەی حیزب و ڕۆژ بەڕۆژ کرمژنی دەکرد و بەرەو لەر و لاوازی دەبرد، ئاخرەکەی لە کونگرەی هەشت دڕا و کێم و چلك و پیسایی‌یەکەی هاتە دەر و بە نێو لەش و گیانی حیزب دا بلاو بۆوە و بێگومان بۆ جولانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران زیانێکی زۆری هەیە و بەرەو لاوازی دەبات .

فەرق و جیاوازی ئەو کوانە پیسەی لەشی ڕێبەرایەتی ح. د. ك ا ــ لەگەڵ کوان و دۆمەڵی لەشی زەلامێك لەوە دایە کە لە کاتێك کوانی لەشی مرۆڤ دەربوو ، چلك و کێمەکەی دێتە دەر و برینەکەی بەیەك دۆو دەست مەلحەم و هەتوان و بە لەسەر دانانی گەلا " ڕەکێشە " برینەکەی ساڕێژ دەبێ و قرتماغە دەبەستێ و حەلەمی لێ دەبرێ .

بەلام دەر بوونی کوان پیسەی لەشی ڕێبەرایەتی ح.د. ك ا. نەك هەر ژان و دەرد و ئوفی بەدەنەی حیزبی لەبەین نەبرد و نایبات و برینی ساڕێژ نەکرد و نایکات ، بەلکوو وەك خۆرە هەموو بەدەنەی حیزب دەتەنێتەوە و ژان و دەردەکەشی زیاتر دەکات .

ئاخافتن و نووسین و شەرە دندووکەی هیچ یەك لەو دوو بەشەی کە هۆی بنەمای ئەو کوانەو دۆمەڵە بوون ، ناتوانن چاری ئەم ژان و دەردە بکەن. چونکە هیچ کامیان مەبەستیان چارە سەرکردنی گیرو گرفتی کۆمەلی کوردەواری و بردنە پێشی خەباتی حیزبی نیە .

www.kenimhisami.com

باسەکەمان لەسەر چی یە ؟

رۆژی هەوەڵی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ - ٢١ ی مارسی ١٩٨٨ رۆژی نەورۆزی کوردی ، واتە چەند رۆژ پاش داگیر کردنی شاری هەڵەبجە و خورماڵ و سیروان و ناوچەی شارەزوور لە لایەن هێزی داگیرکەری ڕیژێمی کۆنەپەرستی ئاخوندی ئیران و چوار رۆژ دوای بۆمبارانی ئەو شارانە لە لایەن فروکەکانی حکومەتی فاشیستی بەغداوە ؛ بە بۆمبای کیمیاوی و گازی ژاراوی کە بوو بە هۆی قڕ کردنی بە کۆمەڵی پتر لە ٥ هەزار کوردی بێ تاوان و بریندار بوون و ئاوارە کردنی دەیان هەزار کەسی تر ، راست لەو کاتە دا کە جەژنی نەورۆز لەگەڵی کورد ببوە شین و تازیە و بیزاری و توورەیی گەلی کورد لە داگیرکەر و جنایەتکاران بەرز ببۆوە و سەبەبکارانی ئەو جنایەتە تف و لەعنەت دەکران •

راست لەو کاتە دا کە خۆپێشاندانی ڕەخنەو بێزاری و نارەزایی کوردەکانی دوورە وڵات ، لە شارەکانی ئوروپا و ئەمریکا دژی ئەو جنایەت و کارە ساتە داخدارە ، شارەکانی تە نیبوەوە ، لە لایەن دەستەیەکی ١٥ کەسی لە ریبەرایی ح • د ك • ا ، لە ناوچەی ژێر رەحمەتی بەعسی جنایەتگار دا ، بەیاننامەیەك بلاّو کرایەوەو لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانی وەك " مژدە" یەك بە خەلك راگەیاند •

بە واتەیەکی تر ، لەو کاتە دا کە جنایەتی داگیرکەرانی کوردستان و قەلاچۆ کردنی ژن و منداڵی کورد پرسە و پەژارەی لە خوێن گەوزاوەکانی خەڵکی بێ تاوان ، وای لە خەڵك کردبوو کە لە گشت قسەو باس و ئاخافتن و نووسین و کۆبوونەوەیەکدا ، تاقە رێگای رزگاری لە بن دەستی و نەجات بوون لە توانەوەو فەوتانیان لە یەکێتی و یەك گرتنی هێزە

www.kerimbisani.com

ئازادیخوازەکانی کورد دەزانی ، دەستەیەك لە ڕێبەرایی حیزبی دیموکرات ناوی " ڕێبەرایەتی شورشگیر " یان لە سەرخۆدانا و جیا بوونەوە لە حیزبی دیموکرات یا " وەدەرنانی فراکسیون "ی بە گەلی کورد ڕاگەیاند .

بە قەولی شاعیر :

" ئەلحەق هونەری کورد ، سولەیمان بەگی یاوەر "

دوا بەدوای بلاو بوونەوەی بەیاننامەی نابراو ، لە لایەن ڕاگەیاندنی پشتیوانی (نیوەو چواریەك و بەشی زۆری) کادرو پیشمەرگە و ڕێکخراوەکانی حیزب لە " ڕێبەرایەتی شورشگیر " وەك للافاوی بەهار هێنابنی !! بە هۆی پەیك و پۆستەی " ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلکی ئیران ، ئەو دۆستە دلسۆزەی گەلی کورد " ! دەگەیشتنە ئوروپا و لە لایەن ئەندامانی " ژیر و دلسوزی "حیزبی دیموکراتەوە بلاو دەکرانەوە .

لە لایەکی دیکەش نووسراوەی پر لە هەرەشەو گورەشە و وشەو ژاراوی بێ تامی کۆنی لە باو کەوتووی کومیسیونی سیاسی ـ نیزامی حیزب و دەفتەری سیاسی بە خەلك دا دەگەران و لە ستکهلم لە " میزی کتاب " شوێنی چەقە و دم بە دمەی " شورشگیرانی ئیرانی " دادەنران و هەر تك لا بێ ئەوەی کە بیر لە چارە نووسی داخداری ئەوروٚی جولانەوەی کورد بکەنەوە ، دەتگوت مزگێنی ئەستاندنی " خودموختاری " یان بۆ گەلی کورد هێناوە .

لەوە سەیرتر : ئەوانەی تا دوو رۆژ بەر لە بەیاننامەی یەکی خاکەلێوە ، دەرویش و گوێ لە مستی کوێرانەی ڕێبەراتی حیزبی دیموکرات بوون و بێ ئەوەی تێ گەیشتبن بۆ چی خەباتیان کردوەو لەسەر چی دەربەدەر بوون و ئەو ڕێبەرایەتی‌یە چی بەسەر بزووتنەوەو بە سەر ح . د . ك . ا . هێناوە ، بۆیان لە ملی حەدا و بە سازو هەوای ڕێبەرایەتی سەمایان دەکرد و فەرمایشی سکرتیرو " فەرمانەدەی گشتی "

www.kerimhisami.com

ـان ـە ئایەنی فورعان دەزانی لە پر کەوتنە جم و جوڵ و هەڵسوران و چا لاکی و ۱۸۰ دەرەجە وەرسووران و بایانداوە ٠

ـەلام ـەك بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی کورد . نەك بۆ ناساندنی حەبانی رەوای میللەتەکەیان ، نەك بۆ فێر بوون و ئەزموون وەرگرتن لە بزوتنەوەی گەلانی خەباتگێر ، نا ٠٠٠ نەك بۆ ئەوانە ٠٠٠ بەلکوو بۆ فراوانتر کردنی کەلێنی پەیدا بووی نێو حیزب ، بۆ قووڵتر کردنی ناکۆکی و سار کردنی دووبەرەکی و دۆزینەوەی ناو و نرتکەی بێ مانا و غەیرە سیاسی کە ئەوەش خۆی بەرهەمی پەروەردە کردنی چەند ساڵەی ریبەرایەتی ح٠د٠ك٠ا٠ بوو ٠ لە جیاتی تئوری شورشگیری فێری ببوون ٠

هەندی دەستە و تاقمی زۆر کەسی و چەند کەسیش کە خۆشیان لە بەر ناکۆکی نێو خۆیی هەموو لەشیان دافەتاوە و لە کوردستان و لە ئورووپا خۆیان گرتوتەوە و خەریکن لە ئوروپاوە ولات رزگار کەن و بە هێزی پرولتاریای کورد سیستمی سەرمایەداری لە ئیران دا لە بەین بەرن و ریژیمی خومەینی دارمێنن ، کەوتنە دەرکردنی بەیاننامەو هەڵوێست دەربرین و سەبارەت بە " پەرەگرتنی دیموکراسی و پلورئالیزم و ئازادی نیکوشان و نەهێشتنی پاوانخوازی و بە هێز بوونی بزووتنەوەی " میللی، کورد " پێشوازیان لە لەت بوونی حیزبی دیموکرات کرد و ئەم جیا بوونەوەیان بە چوونە پێشی خەباتی گەلی کورد دانا و دڵسۆزی خۆیان بۆ ئەم میللەتەی کە ئێستا کەوتوتە بەر شالاو و نەمان هەرەشەی ـی ـەکا دەربری ٠ بەلام هەر لەو کاتەش دا لە ئاست جنایەتی حکومەتی بەغداو قر کردنی ٥ هەزار کورد لە هەلەبجە دمیان هەڵنەپچراو هەلەمیان بە سەر کاغەز دا نەهێنا !!

ـەم نیوە دا ئەرکی خەباتگێرانی راستەقینەی جولانەوەی رزگاریخوا- ی کورد نیکوشەرانی رێگای بەختەوەری رەحمەتکیشان و دوژمنانی

www.kerimbisami.com

چەوسینەر و داگیرکەران و لایەنگرانی رێبازی ئازادی و دیموکراسی و سوسیالیزم لە کوردستانی ئیران ، چی یە ؟

هەڵوێست و کردەوەو تێکۆشانیان ئەشێ چۆن بێ ؟

وەلامی ئەو پرسیارانە هەر وا هاسان نیە . ئەوبارو دۆخە ناهەموارەی کە ماوەی ٩ سالی رابردوو کوردستانی ئیرانی گرتۆتەوەو رێبەرایەتی ح . د ک . یش بۆ سەپاندنی دیکتاتوری و سیاسەتی چەوت کەلکی خەراپی لێ وەرگرتوە و ئەم وەزعە بزووتنەوەی کورد تووشی هاتوە وەلامی ئەو پرسیارانە وە زەحمەت دەخات . بە تایبەت کە زنجیری بەرو بووی ئەم بارو دۆخەو ئەم سیاسەتە لە دەست و پێی تیکۆشەرانی راستەقینە هالاوە . لە نیشتمان و لە خەلك دوور کەوتوونەوە، ژیانی ئوروپا و دەربەدەری هەزار تەنگ و چەڵەمەی هێناونەتە سەر رێگا ، بەشی زۆری ئەو رۆڵە فیداکارانەی کە لە خەبات دا پێشوازیان لە مەرگیش دەکرد ، لە ئوروپا پاسیف و وەرەزو بیزار بوون .

هەر ئەو هەول و مەرجەنالەبارەش بۆتە هۆی ئەوە کە هەندێ کەس زیرەکی سیاسی و ماستاوکەر لە مەیدانی چۆلدا شەرناخێویی بکەن و " کەڵە شیر ببێتە بولقاسم " . هەر بۆیەش نە وەلامی پرسیارەکان دەدرێتەوە و نە دەکرێ ئەرك و رێباز بۆ تیکۆشەران دیاری بکەی .

بەلام بۆ کەسیکی پتر لە ٤٠ سال ژیانی پر لە کوێرەوەری خۆی لە پێناو ئازادی و بەختەوەری گەل و نەهێشتنی چەوسانەوەی زەحمەتکیشان تەرخان کردبێ . بە تاوانی بیروباوەری مارکسیستی و لایەنگری لە سوسیالیزم و دیفاع لە زەحمەتکیشانی کورد بە دەیان جار کەوتبێتە بەر پەلاماری دوژمن و حەپس و دەربەدەری و بەر شالاوی کۆنەپەرستی بەرەلا و سەرسەری و نوکەرانی بیگانە ، بێدەنگی و بێ لایەنی قەباحەتە و چاوپووشین و بیرورا دەرنەبرین بۆ لێ بووردن نابێ .

لە سەر ئەو بنەمایە و بە گوێرەی هەست کردن بە بەرپرسی وەك

www.kerimhisami.com

ئەندامێکی پچووکی کۆمەڵی مەزنی نەتەوە بەشخوراوەکەم لە ئاست چارە نووسی گەل و خەباتی رزگاریخوازی دا ، ناتوانم بێدەنگ بمو هەروا سەیری رووداوەکان بکەم ٠

بێجگە لەوە ، سەبارەت بە رێز گرتن لە نامەو تەلەفون و داوا کاری بەرەو رووی هاورێ و دۆست و برادەران کە داوایان لێ کردووم وەك کەسێکی کە سالەها لە حیزبی دیموکرات دا تێکوشاوم و بەرپرس بووم و لە هەموو کەین و بەین و سیاسەت و خەسڵەتی رێبەرانی حیزبی دیموکرات شارەزام ، لە سەر پێکهاتنی ئەم وەزعە بنووسم و هۆی ئەم لەت بوون و شەرە دندووکە روون بکەمەوە ٠ بەو بۆنەوە هاتمە سەر ئەو باوەرە، با بە کورتیش بێ بیروڕای خۆم لە سەر ئەو بەزم و هەرایەی کە هیچ دیاردەیەکی ناکۆکی بیروباوەرو ئیدئولۆژی و سیاسی تێدا نابینم ، دەربرم ٠

بەو هیوایە ئەم کورتە نووسینەی من بتوانێ تا رادەیەك ئەندامانی سادە و دڵپاك و فیداکاری حیزبی دیموکرات روون بکاتەوە و بە سوودی بردنە پێشی خەبات و بە هیز بوونی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئیران کەلکی لێ وەربگرن ٠

بۆ ئەو مەبەستە نووسینەکەی خۆمان لە چەند خاڵ دا کورت دەکەینەوە

١- رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران

٢- هۆی جیا بوونەوەی بەشێك لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بە یاننامەی ١٠ مادەیی

١- رێبەرایەتی ح ٠ د ٠ ك ٠ ا

لەبەر ئەوە لە بەرگی چوارەمی بیرەوەریەکانم دا بە وردی چۆنیەتی رێبەرایەتی و سیاسەت و تێکوشان و کونفرانس و کونگرە و کۆبوونەوە ـ کانی ح ٠ د ٠ ك باسی دەکەم ، ئیتر لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە

نێو قوولایی ئەو باسەو تەنیا سەر پێی بە سەری دا دەرۆم .

دەتوانین لە کونفرانسی سێیەمەوە (جوزەردانی ١٩٧١) بە شکلی حیزبایەتی باسی شێوەیەکی رەسمی رێبەرایەتی هەڵبژێردراو و کومیتەی ناوەندی بکەین . بەرنامەو پروگرامی شکل گرتووی حیزبیش دوای کۆماری دیموکراتی کوردستان هەر لەو دەمەوە هاتوتە کایەوە .

پاش رزوخانی کوماری کوردستان ئەندامانی حیزب بە شێوەی جۆر بە جۆر بۆ زیندوو کردنەوەی حیزب تێکوشاون و رێبەرایەتی چەند کەسە و تەقە کەسەی بێ هەڵبژاردن کەم یا زۆر خەباتی بەرێوە بردوە .

پاش کونفرانس سێیەمیش رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات قەت یەك دەست و یەك بیرو باوەر تەبا نەبوە . لە نەخوێندەوارەوە بگرە تا دوکتوری ئیقتساد و لە سەودا گەرەوە بگرە تا هەژارو برسی ، لە مارکسیەوە بگرە تا مائویست و ئاژاوە چی ، لە پێشکەوتووخوازەوە بگرە تا کۆنەپەرست و بێ بیروباوەر ، بەلام لەسە بەرنامەی حیزب کە ئەو دەم پێشکەوتووخوازو وەلام دەری ئەو قوناخەی خەبات بوو ، کۆ ببوونەوە .

لەو ماوەیەش دا ، تاگەرانەوە بۆ ئیران و بەستنی کونگرەی چوار ، سەرەرای ئەوە کە دوکتور قاسملو وەك سکرتیری حیزب هەوڵی داوە کە بیروڕای خۆی بە سەر کومیتەی ناوەندی دا بسەپێنێ ، بەلام تەواوی بریارەکان بە تیکرایی و یا بە زۆربەی دەنگ دراون . دوکتور قاسملو بۆ سەپاندنی بیروڕای خۆی شێوەی جۆر بەجۆری بە کار هێناوە . لە هەموو کەس پتر باسی دیموکراسی کردوە و لە هەموو کەسیش پتر دیموکراسی پێ شێل کردوە . لەبەر ئەوەی ئەو دەم کەسانی ئەوتۆ لە رێبەرایەتی دا هەبوون کە رێگا نەدەن تاقە کەسێك بۆ چوونی خۆی بەسەر حیزب دا بسەپێنێ ، زۆر جار پاشەکشەی کردوە . جاری واش هەبوە شەوی پێش دەنگ وەرگرتن یەك دوو کەسی هەلپەرست و بوودەلەی لە ئەندامانی

کومیتەی ناوەندی بانگێشتن کردوە و سۆزی زۆربەی دەنگەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. هەر کاتیکێش هەستی بە مەترسی و باو بۆرانی هەوا کردبێ ، بیانویەکی دۆزیوەتەوە و بۆی دەرچوە.

پاش گەرانەوە بۆ ئیران ١٩٧٩ هەل و مەرجێکی تازە و تایبەت و نائاسایی لە ولات دا هاتبوە پێش. نە شارەزایی خەلك هەلچوونی کف و کولی خەبات و ماستاو کردنی هەندێ وردە بورژوازی بێ بیروباوەر و خۆ وەپێش دانی هەندێ کەسی بە ناو کادر و ئەندامی حیزبی و بە کردەوە خزمەتکارو نۆکەرسیفەت، لە گەلّ بارو دۆخی شەرو کێشە لە ولات ، پتر مەیدانی بۆ دوکتور قاسملو چول کرد کە دیکتاتوری خۆی بسەپێنێ. هەر چەندە ئەو دەمیش ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە شارەزای بوون ، زۆریان بە دەمەوە نەدەدا و قافیەی لێ وەتەنگ دەگەرا.

دەبوایە بە جۆرێك یەخەی خۆی لە چنگ ئەو شارەزایانەی فروفێلی ئەو رزگار بکا. بۆ ئەو مەبەستە بەزمی کونگرەی چواری ساز کرد. لە راستی دا کونگرەی چوار سەرەتای سەپاندنی دیکتاتوری تاقە کەسە بوو بە سەر حیزب دا. کونگرەی چوار سەرەتای ئاشکرا بوونی دوو بیروباوەری جیاواز بوو ، بیروباوەری پێشکەوتنخوازانە و بیروباوەری کۆنەپەرستی و لیبرالانە. کونگرەی چوار بۆ ئەوە ساز کرا کە چەند کەسی سادە و ساکاری مەیدانی سیاسەت و ریاکارو نوکەرسیفەت بە ناوی کومیتەی ناوەندی لە دەوری سکرتێر کۆ ببنەوە.

دوکتور قاسملو باش لەو پەندەی ماکیاویل شارەزا بوو، کە بە شازادەی دەگوت : " ئەی شازادە ، ئەگەر دەتەوێ لەسەر تەختی پاشایەتی بمێنی ، جارو بار وەزیرەکانت بگۆرە ، تا دەتوانی وادە و بەلێنی بە خەلك بدە و خەلك هیوادار رابگرە ....".

تا بارو دۆخی ولات شپرزەتر دەبوو ، دیکتاتوری دوکتور قاسملو پتر دەچەسپا. ئەوانەی لە دەوروبەری کۆ ببوونەوە پتر بە شان و باڵیان

www.kerimbisani.com

هەڵا دەگوت • ئەویش کەسانی مەرایی کەرو دوو رووی لە دەوری خۆی کۆ دەکردنەوە•

دوکتور قاسملو بۆ سەپاندنی ڕێبازی سوسیال دیموکراسی و ئانتی کومونیستی خۆی بە سەر حیزب دا کە لە کونفرانسی سێیەمەوە هەولی بۆ دەدا ، پاش گەرانەوە بۆ ئیران لە دوو هۆکارکەلکی وەر دەگرت •

یەکەم شپرزەیی بارو دۆخی کوردستان ، سەپاندنی شەر لە لایەن کوماری نا ئیسلامییەوە ، بە تایبەت پاش هەڵەی مێژوویی تاقمی حەوت کەسە و مەیدان چول کردنی ئەوان ئیتر هەرکەس لە حیزب دا رەخنەی گرتبایە و یان بیرورایەکی پێچەوانەی بۆ چوونی ڕێبەرایەتی هەبایە ، بە تودەیی و بە لایەنگری حەوت کەسە تاوانبار دەکرا •

کومیسیونی بازرەسی بە شێوەی ژاندارمەی حکومەتی پەهلەوی بە گژی دادەچوو دەیخستە ژێر پرسیارەوە • بە پیرەوی لە سیاسەتی خومەینی و هەموو دیکتاتوریکی ترسەنووك ، بەو بیانوەکە " لە شەر داین و رەخنە گرتن ورەی خەلك کز دەکا " ، رەخنە گر سەرکوت دەکرا •

دووەم فەرد پەرستی کەسانی بوودەڵەو بێ پرنسیب و بێ شەخسیەت کە بە ناوی کومیتەی ناوەندی و مشاویرو جێگرو کومیسیونی بازرەسی لە دەوری سکرتیر کۆ ببوونەوە• ئەوانە بێ ئەولاو لا بۆیان لە ملی دەداو فەرمایشتی ئەویان پێ ئایەتی عاسمان بوو•

تەماشای بریاری کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی و پلینومەکانی ئەو سەردەمە (لە کونگرەی چوارەوە تا کونگرەی ٨) بکەن ، هەموویان بە تێکرایی دەنگ پەسند کراون و کەسێ نەبوە بیرورایەکی دژی هەبێ •

بەلام لەسەر ئەوە شەوە ، تا ئەو دەمەی کە کادرو ئەندامانی حیزب لە ولات و لە نێو خەڵك دا مابوون و نیشتمانیان بە جێ نەهێشتبوو • لە خاکی کوردستانی عێراق نەکەوتبوونە بەر سێبەری رەشی حکوومەتی بەعسی بۆی نەدەلوا و پرکێشی نەدەکرد کە بە رەسمی رێباز و پروگرامی

حیزب بگۆرێ ، هەرچەندە لە بواری سیاسی دا بە گوێرەی ویست و بۆ چوونی خۆی رایدە دا ٠

کونگرەی ٥ نمونە بوو ٠ لەویدا ویستی رێبازی " سوسیالیزمی- دیموکراتیك " واتە سوسیال دیموکراسی بە سەر حیزب دا بسەپێنێ ، بەلام لەگەڵ بەرهەڵستی بەشی زۆری نوێنەرانی کۆنگرە بەرەو روو بوو ٠ بە گوێرەی دابی خۆی پاشەکشەی کرد ٠

چوونە نێو شورای بەرگری میللی سەپاند کە تەنانەت ئەوانەی ببوون بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیش بەرنامەکەیان نەخوێندبۆوە و نەیانزانی بوو ، دەنگیان بۆ چی داوە ٠

تەنیا ئەوە بوو ئاغای مەسعودی رەجەوی " مەئموریەتی " دابوو بە دوکتور قاسملو کە بەرنامە بە پەسند کردن بدا و لە نامەیەکیش دا کە بە بۆنەی گۆیا پیرۆزبایی کونگرەی پێنجەمەوە ناردبووی داوای کردبوو کە حیزب " تصفیە " بکات ٠

بە جێ هێشتنی نیشتمان و چوونە نێو خاکی عیراق و ژێر سێبەری حکومەتی بەعسی " هاوحەندەك " هەلی بۆ دوکتور قاسملو رەخساند کە کونگرەی شەش سازبدا و بە هەزار پینەو پەرۆ و زیز بوون و گریانی ماستاوکەر و هەرەشەی کشانەوە لە حیزب و فرو فیێلی بژاردن " کورتە باس " بسەپێنێ ٠ " کورتە باسیك هیچ یەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پێش بلاو کردنەوە نەیانخوێندبۆوە و لە پلینومی " ئالان " دا کوێر کوێرانە بۆیان لە ملی داو بلاو کرایەوە ٠

لەراستی دا ئەگەر کونگرەی چوار سەرەتای سەپاندنی دیکتاتوری و خۆ پێوە هەلاوەسینی چەند کەسیکی بوودەلە و چاپلوس بوو(١) ٠

---

(١) دیارە ئەم تەعریفە ، تەواوی ئەندامانی هەلبژیردراوی کونگرەی چوار ناگریتەوە ٠ بەلام بچەند کەسیکی کومیتەی ناوەندی و دەست و پیوەندەکانی خواروو و دەوروبەری دەفتەری سیاسی پر بە پیستی یەتی ٠

کۆنگرەی شەش سەرەتای لادان لە ڕێبازی پێشکەوتوو خوازانـــەی ٤٠ ساڵەی حیزبی دیموکرات و کەوتن بە لای سوسیال دیموکراسی و بە قسەی یەکێك لە بەشدار بوەکانی کۆنگرە " نشاندانی چرای سەوز بەئەمریکا "و دوور کەوتنەوە لە هێزە دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکانی ئیرانی بوو.

سەرەتای گۆرینی پرۆگرامی حیزب و ڕێبازی سیاسی جولانـــــەوەی کوردستانی ئیران بوو.

ئەو کەسانەی کە ئێستا ناوی " ڕێبەرایەتی شۆرشگیر " یان لـــــە خۆ ناوە ، دار دەستی ئیجرای ئەو سیاسەتەو سوێند خۆرو پشتگـــــری " کورتە باس " بوون.

کونگرەی شەش بێجگە لە لادانی ڕێبازی پێشکەوتووخوازانە دەکـــرێ بێژین سەرەتای قەیران و نزمی پلەی ئەخلاق و مرۆڤایەتی ڕێبەرانـــــی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. دەرکردنی ئەندامانی خـــاوەن بیروباوەر پێشکەوتوخو ازانە و لایەنگرانی ڕێبازی سوسیالیزمـــــی عیلمی " تعهد " وەرگرتن بە شێوەی ساواك ، برسی هێشتنەوەی مـــال و منداڵی کادرو ئەندامی حیزبی و پێشمەرگە ، ئەو پەری نزمی پلـــــەی ئەخلاقی ئینسانی ڕێبەرانی ح. د . ك . ا ، بوو.

ئەوەی کە " ریبەرایەتی شورشگیر " لە بارەی " لادان و رویشتـــــن بەرەو ئیمپریالیزم " باسی دەکەن ، لە کونگرەی شەشەوە سەری هەڵداوە و پەرەی گرتوە و ئەوانیش هەڵبژیردراوی ئەو کۆنگرە و سوێند خۆری بـــوون و تا ڕۆژەکانی ئاخری کۆنگرەی هەشتیش پشتیوان و بەرێوە بەری بوون.

سووکە سەفەری ئوروپا و شەش مانگ ڕابواردن لە پاریس بە نــــاوی نوێنەر ، بەرتیلی بێدەنگی و زمان گرێ دان و پشتگیری کردنی ئـــــەو سیاسەت و ڕێبازە چەوتە بوو. بەلام داخوا لەو ١٥ کەسە کە ئێستا بـــوون بە " شورشگیر " یەك هەبوو جاریك بێژی :

کابرای زمان نەزان و نەشارەزا لە پاریس بە شەش مانگ چی فێر دەبـــێ و

ج بو حیرـ دەکـــا ؟

ئەو کاتەدا کە ئەندامی دەفتەری سیاسی لە سەفەری نوێنەرایەتـــی ئەش مانگەدا ١٤٠ هەزار فرانکی لە هەقی فیر بوونی زمانـــــــی ئینگلیزی دەدا . پێشمەرگەی برێنداری حیزبی لە پاریس بۆ سیعـــــار موحتاج بوو . لە گەرانەوەش دا بۆ کوردستان بە تاوانی ئەوە کە چۆتـــە مالی عەزیزی مامڵێ ، ئاغای سادقی شەرەفکەندی هەڵی پێچابـــــوو حیسابی لێ دەکێشـــا .

دوکتور قاسملو هەر ئەوەی دەویست و گەرەکی بوو ئەو جورە کەسانـە لە دەوروبەری بن . سیمون لیس لە کتیبی " جلە نوێیەکانی پریزیدنـت مائو " دا دەڵێ : " کاتێك حوکمرانە دیکتاتورەکان لە کۆتایـــــی تەمەنیان وە نیزیك دەکەون ، ئێرەیی و دڕدۆنگی و ترس و بەدگومانـــی زۆریان بۆ دێنێ . ئەو دەم کەسانی لێ وەشاوەو تێکوشەر وەلا دەنێـن و پشت بە کەسانی خزمەتکارو بوودەڵە و نەزان و دووروو و زمانلـــوس دەبەستن " .

دوور بێ لە دوکتور قاسملو لە باری تەمەنەوە ، چونکە خوا نەکـــا ، ئیتر کەس نامێنی بۆ دیموکراسی و پلورالیزم خەبات بکا ، بـــــەلام وتەکانی تر راست و پر بە پێستی ئەو ٩ ساڵەی رابردوون کە باسیان کرا .

کاتێك دەفتەری سیاسی لە ناوچەی گەورکان لە " دۆڵی دیموکــرات" بوو چوومە لای دوکتور قاسملو لە بێ سەرەو بەرەیی تەشکیلات و بـــێ ـەزمی و بیکارەیی هەندێ کادر و بەرپرسی تەشکیلاتەکان وە دەنگ هاتـــم ـە وەلام دا گوتی

ئەوەی دەیلێی راستە . بەلام چ بکەم عیلاج نیە . خۆ کادر دروست ناکرێ. کادرە لاو و ژیرەکان هەموو لەگەڵ تاقمی حەوت کەسە رۆیشتن . هـــەر ئەوانە ماون"

ـە کاتێکا وا ـەبوو راسی ـەدەکرد . دەکرا ئالوو گۆر پێك بێنـێ.

بەلام کەسانی ئەوتۆی گەرەك بوو بە قەولی زانای بەناو بانگی کورد ماموستا مەلا حوسینی مەجدی : " هەر گوێ بن زمان نەبن " . ئەو نەیدەویست ئەندامی لێ زان و بە زیپك و زاکون کاری حیزبی بگرنە دەست .

نامەی رەخنەو پێشنیاری کادر و ئەندامانی حیزبی دەکرانە دەستە چیلەی ئاگر هەڵکردن . سادقی شەرەفکەندی لە وەڵامی سکالاو رەخنە و پێشنیاری ئەندامانی حیزب دەیگوت :

" باشە نامە زۆر دێن ئاگریان پێ هەڵدەکەین . ئەو نامانە نەبن کورەمان بۆ داناگیرسێ " .

فیزو لە خۆبایی بوونی رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات وای لێ هاتبوو ئیتر وەڵامی رەخنەو پێشنیار و سکالای کادرو ئەندامانی حیزب نەدەدراوە .

قسەکانی لینینی مەزن وەراست دەگەران کە دەیگوت :

" تەواوی ئەو حیزبە شورشگیرانەی کە تا ئێستا فەوتاون ، لەبەر ئەوەبوە کە رێبەرەکانیان لە خۆ بایی بوون و تووشی فیزو غەرەیی بوون و هێزو توانا و کانگای ذەخیرەی خۆیان لێك نەداوەتەوە و لە رەخنە ترساون " .

رێبەرایەتی ح . د . ك . ا ، جورێك تووشی ئەو نەخوشی یە ببوو کە ئێستاش شەقی زەمانە نەیتوانیوە لەو نەخوشی‌یە رزگاری بکاو وەك رێبەرایەتیەکی ساخ و سەلیم بروانێتە رووداو وکارەساتەکانی ئەوروۆی کوردستان .

پاش کونگرەی شەش کە رێبازی سوسیال دیموکراسی حیزبی دیموکراتی تووشی قەیران و گەندەڵی کرد بە دەیان کادری لێ هاتوو ، پێشکەوتوو-خواز و پێشمەرگەی فیداکار رێبەرایەتیان بە جێ هێشت و دانیشتن لە رۆژنامەی کوردستان دا دەیاننووسی : " حیزبەکەمان بە رۆیشتنی ئەوانە بەهێز بوە " !

لەبەر سیاسەتی چەوت و لێنەزانی " فەرماندەی گشتی " کە رۆژیک نەیزانیوە چەخماخی تفەنگ هەلپچڕێ سەدان پێشمەرگە دانیشتن و یا تەسلیم بوونەوە • بەلام هێشتا سکرتیری حیزب لەوتوویژی چاپەمەنی دا دەیگوت : " ١٢ هەزار پێشمەرگەمان هەیە " • ئەوەلەکاتێکا کە لە ولاتی خۆی جێگای حاوانەوەی نەمابوو ، بە ناچاری خۆی دابوە بەر سێبەری ریژێمی بەعس •

دیارە بەداخەوە فیشال و فریو دان لە کوردستان وا بوّتە باو،جێگای راستی گرتوّتەوە •

سەیر ئەوەیە ئێستا کە ئەو لەت بوون و جیا بوونەوە زیانیکی گەورەی بە حیزبی دیموکرات و بە جولانەوەی رزگاریخوازی کورد گەیاندوە و ناحەزەکانی دیموکرات سەمای پێوە دەکەن و قەلودالّ سەریان لێ دەسوێ ناوە ، چاپەمەنی سەر بە دوکتور قاسملو دەنووسن : " بە رۆیشتنی ئەوانە حیزب بە هێز بوە و پاك بوّتەوە " ! نەك هەر ئەوە ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ هاوکاری دوکتور قاسملو بوون و بە گوێرەی نووسراوەی خوّی " پێ یان هەلگوتوە و بە پشتیوانی و هاوکاری ئەوان حیزبی دیموکراتی تووشی ئەو رۆژە کردوە و جوولانەوەی کوردی لە کوردستانی ئیران بەم دەردە بردوە ، بە " جاش و خاین و ترسەنوّك و تەمبەل و بێکارەیان " ناو دەبات • ئەم شێوە هەلوێست و بۆ چوون و سیاسەتە دزێو و چەپەلە رەنگە هەر لە کور دستان و لە نێو ریکخراوەکانی کوردستانیدا باو بێ کە لە گەلکوو ناکوّکی سیاسی و ئیختلافی بیرو راو بۆ چون پەیدا بووو، ئیتر بوختان و تومەت و نێو و نرتکەی دزێوو درۆ بۆ یەکتر هەلدەبەستن و ئەگەر دەستیان بروا ، گرتن و حەپس و تەنانەت کوشتنیشی لێ زیاد دەکەن • ئەم ئاکارو هەلوێستە دزیوە لە کوردستان نرخی سیاسەتیشی دابەزاندوە و ئیتر کۆمەلانی خەلکیش بۆ ئەو بەیت و باوە نەرە ورد ناکەن•

دەرس وەرگرتن لە رووداوەکانی مێژوو دەبوایە سەرمەشق بێـــــت • ئەوەندە ئەم جۆرە تۆمەت و بۆختانە بۆ دوکتور قاسملو هەڵبەستراون و تەنانەت کردوویانەتە بریاری کۆنگرەش لە رابردوودا ، ئیتر نەدەبوایـــە ئەو بە هیچ جۆر ئەم شێوە بۆختان و تۆمەتە بە درۆیانە وەپاڵ هاوکارانـی خۆی و ئەندامانی حیزب بدا •

ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ • چوونە نێو قوولایی کاراکتـــــر و خاسیەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سیاسەت و بۆ چوونیان بـــۆ بیرەوەریەکانم دێڵمەوە و ئەو باسە لێرە دا کوتایی پێ دێنم و بە کورتی چەند دێریك لە سەر کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیـــران پاش ١٩٧٩ دەنووسم •

www.kerimhisami.com

" كۆنگرەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران"

ڕێبەرایەتی حیزبی دیموكراتی كوردستان گەلێك شانازی بەوە دەكات كە لە كاتی خۆیدا كۆنگرە دەبەستی و ئەوەش بە **نیشانەی** دیموكراسی و ژیری و وریایی ڕێبەرایەتی دادەنێ. دەیەوێ وا نیشان بدا چونكە لە كاتی خۆیدا لە دەرەوەی ولات كۆنگرە دەبەستێ و خەڵك كۆ دەكاتەوە ، لە چاو ئەو هێزانەی كە گۆیا كۆنگرە نابەستن ، ملی فیلیان شكاندوە!

پێك هێنانی كۆنگرەی حیزب بۆ لێكۆڵینەوەو شی كردنەوەی بار و دۆخی خەبات و ئاور دانەوە لە تێكۆشانی ڕابردوو، چاو گێڕان بە كەم و كۆڕی و هەڵەكاندا ، كارێكی جوان و پەسندە .

بەڵام كۆنگرەی حیزب تەنیا بۆ كۆ كردنەوەی ئەفرادو بۆ پروپاگاندە نابەسترێ. هەر بۆیە نیە چونكە لە پرۆگرامدا كات بۆ پێك هێنانی كۆنگرە دیاری كراوە . حیزبێكی كە لە هەل و مەرجی نهێنی دژواردا خەبات بكا كاتێك كۆنگرە دەبەستێ كە بارو دۆخێكی تایبەتی هاتبێتە پێش ، بخوازی تاكتیك و ستراتیژی تازە دیاری بكا یا شێوەی خەبات و تێكۆشان بگۆڕێ و كۆنگرە یارمەتی بە پەرە گرتنی جولانەوەو یەكیتی ریزەكانی حیزب بكات . ئەگەر بە وردی و بە بێ عەرەزانە لە كۆنگرەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران ورد بینەوە ، لە كونگرەی چوارەوە هیچیان لە هیچ بارێكەوە ، نە لە باری ئیدیۆلۆژی نە لە باری سیاسی و

www.kerimnisami.com

نە لە باری نیزامی و نە لە باری پتەو بوونی ریزەکانی حیزبەوە یارمەتی‌یان بە پەرە گرتن و سەرکەوتنی جولانەوەو بردنە پێشی سیاسی نەکردوە. هەموویان بۆ ئامانجی تایبەتی ، بۆ ئالو گۆر کردنی مۆرەکانی شەترەنج و بۆ سەپاندنی دیکتاتۆری بەستراون.

کۆنگرەی چوار کە سەرەتای هلۆل بوون و لەرزۆکی یەکیتی حیزب و سەپاندنی سەرەرۆیی تاقە کەسە بوو، بە کورتی باسمان کرد کە بۆچی بەستراو ئەنجامیشی چ بوو.

کۆنگرەی پینج بۆ ئەوە بەسترا کە جێگای حەوت (٧) کەسەی رۆیشتوو بە کەسانی ناشارەزای سیاسەت و گوێ لە مست پر بکرێتەوەو چوونی نێو شۆرای بەرگری میللی کە هیچ یەك لە بەشداربوەکانی کۆنگرە نەیاندەزانی چی‌یە بیسەپێنن. هەروەها بە بێ لێکدانەوەی وردی سیاسی‌و زانستی و هەلسەنگاندنی هێزو توانای خۆیی و دووژمن ، خۆ بکەنە کەوا سووری بەر لەشکرو درۆشمی رووخانی ریژیمی خومەینی بەرز کەنەوە.

کونگرەی شەش تایبەتی بۆ ئەوە بەسترا کە حیزبی دیموکرات لە رێبازی پێشکەوتووخوازانەی چل (٤٠) سالەی خۆی لا بداو بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی پەسند بکاو رێگا بۆ چوونە نێو ئینترناسیۆنالی سۆسیالیستی و رۆیشتن بەرەو رۆژ ئاوا خۆش بکا. هەر لەو کاتەشدا حیزبی دیموکرات وەك ئاغای مەسعودی رەجەوی داوای کردبوو لە کادرو ئەندامانی خاوەن بیرو باوەری پێشکەوتووخوازو دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و لایەنگرانی سۆسیالیزمی عیلمی " تصفیه" بکا.

لە راستی دا نووسین و سەپاندنی " کورتە باس " هەر بۆ ئەوە بوو کە خۆیان لە لای سۆسیال دیموکراسی و هێندێ حکومەتی سەرمایەداری رۆژ ئاوا خۆشەویست بکەن. دیارە هەل و مەرجیکی لە باریان بۆ ئەو کارە هەلبژاردبوو. دوکتور قاسملو لە وەلامی رەخنەی " شەخسیەتیکی کورد "دەسەبارەت بە رەوتی کۆنگرەی شەش و نووسینی

کورنە باس و سەپاندنی لە کۆنگرەدا ، گۆتبووی: " ئەگەر راست لەو کات و هەڵ و مەرجە دا ئەوەم نەکردبایە ، جەو سازی لێ پەیدا دەبوو".

دوکتور قاسملو راست دەکا. ئەگەر لە کوردستانی ئیران، لە نێو کۆمەلانی خەلك ویستبای ئەو بەزمە ساز بکا ئەنجامی جۆرێکی دیکە دەبوو. دەنا زۆر باش دەیزانی کۆنگرەی شەش بۆ جولانەوەی کوردستانی ئیران و بۆ حیزبی دیموکرات نەك هەر سەرکەوتنی تێدا نەبوو بەلکو تراژیدیش بوو.

سەیر ئەوەیە پاش هەموو کۆنگرەکانیش بە بێ جیاوازی نووسیویانە: " ئەو کۆنگرەیە سەرکەوتووترین کۆنگرە بووە لە مێژوی حیزبدا ".

راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی بە " رێبەرایەتی شورشگێر"ی ئێستا شەو پاش کۆنگرەی شەش دەڵێ : " کۆنگرەی شەش دەبێتە قوناخێکی گرینگ لە ریگای خەباتی حیزبەکەماندا... بێگومان کۆنگرەی شەش لە ژیانی پر لە هەورازو نشێوی حیزبەکەماندا هەنگاوێکی گرینگی مێژوییە بەرەو پێش بەرەو وەدی هێنانی ئاواتە پیروزەکانی کۆمەلانی خەلك و بەرەو دابین کردنی دیموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستان ".

ئێستا ئەندامانی حیزبی دیموکرات حەقیان نیە پرسیار لەو کەسانە بکەن کە چەند سالە بە قسەو بە فیشال مێشکی خەلکیان پر کردوە کۆنگرەی شەش کام " هەنگاوی مێژوویی " بەرەو " وەدی هێنانی ئاواتە پیروزەکانی کۆمەلانی خەلك " هاویشتوە ؟

هەر ئەوە نیە کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کونگرەی شەش لە نامیلکەی " وەلامی فیتنەگەران " دا دەنووسن : " لە تەواوی سالەکانی رابردوودا فراکسیۆنی ناوبراو (مەبەست دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی) بە رێبازی ریك کەوتن لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی ـیزیکی لەگەڵ ئیمپریالیزم بە تایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکایان گرتۆتە پێش ".

www.kurdistanica.com

تازە با ئەوانیش ئەوە نەنووسن ٠ چونکە تا کۆنگرەی هەشت(٨) خۆشیان لەو سیاسەت و ریبازەدا بەشدار بوون٠ بەلام بۆ ئەندامان و بۆ کۆمەلانی خەلکی کورد باش روون بۆتەوە کە کۆنگرەی شەش گەورەترین زیانی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان گەیاندوە کە وا ئیستا بەرهەمەکەی دیتە دی ٠

ئیمە لە نامیلکەی" تایبەتی کۆنگرەی شەش ژانویەی ١٩٨٥ " بە دریژی نیوەرۆك و چۆنیەتی کۆنگرەی شەشمان شی کردۆتەوەو پیویست بە وەرد دانەوەی ناکا ٠

کۆنگرەی حەوتیش (٧) کە بە کۆنگرەی مردوو و زاربەستان ناسراوە بۆ باسکردن نابی و خۆشیان نازانن قازانجی بۆ حیزب چی بوە٠ بەلام دەکری بە کورتی باسیکی کۆنگرەی هەشت (٨) بکەین و نیشانی بدەین کە ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات چۆن بە ئاوەژوو کردنەوەی وشەو زاراوی زانستی گالتە بە هۆش و بیرو چارەنووسی ئەندامانی حیزب دەکا ٠

با سەیریکی وشەو رستەکانی بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین کە بە بۆنەی کۆتایی پی هینانی کۆنگرەی هەشتەوە بلاو کراوەتەوە٠ لە بەیاننامەکەدا دەلی : " پیك هینانی کۆنگرەی هەشتی حیزب و بە جی گەیاندنی کارەکانی ، هەم نیشانەی توانای حیزبە لە هەل و مەرجی دژواردا ، هەم ئەو راستیەش جاریکی تر روون دەکاتەوە کە حیزبی ئیمە چەندە بروای بە دیموکراسی و ئەسلەکانی دیموکراتی نیو حیزبی هەیە ٠٠٠ بە پیك هینانی کۆنگرە قۆناخیکی گرینگی تازە بۆ بەجی گەیاندنی ئامانجی دیموکراسی لە ئیران و خودموختاری بۆ کوردستان لە خەباتی حیزبدا دەست پی دەکری" ٠

ئیمە کاتی خۆمان بە لیکدانەوەی نیوەرۆکی بەیاننامەکە ناگرین کە بە وشەو زاراوی قولومبەو عەوام فریوانە رەشکراوەتەوە٠ تەنیا ئەوەندە دەلین : داخوا لەت بوونی حیزب و ساز بوونی هەراو کیشە و

دووبەرەکی " قۆناخی گرینگی تازەیە بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجی دیموکراسی بۆ ئیران و خودموختاری بۆ کوردستان " ؟

داخوا ئەوەی ئەورۆ بە سەر حیزبی دیموکرات و بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ئیراندا هاتوە ، دەکرێ بە " دیموکراسی " بدرێتە قەلەم؟

داخوا پیکهینانی کۆنگرە لە دەرەوەی ولاتی خۆت بە کۆکردنەوەی هێندێ پێشمەرگەو ئەفرادی لێ قەوماو و دەربەدەری دەورەی دەفتەری سیاسی ، نیشانەی " دیموکراسی و وریایی حیزبی یە " ؟

نمونەی زۆر ئاشکرای دیموکراسی لە حیزبی دیموکراتدا ، هەڵبژاردنی نوێنەری ئوروپا بوە بۆ کۆنگرەی هەشت • لە کۆنفرانسی حیزبی بە زۆربەی دەنگ ئەندامیك بە نوێنەر هەلدەبژێردرێ ، بەلام دەفتەری سیاسی لە دمی کۆنفرانس دەداو ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ کۆنگرە قبول ناکا • ئەوەیە دیموکراسی لە " کور تە باسی " حیزبی دیموکرات دا • سەیر ئەوەیە ئەوانەی ئێستا بوونە " شورشگێر " و ئەوانیش دەم لە دیموکراسی دەکوتن ، چەند کەسیان ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون •

تا کەی دەبێ لەم کوردستانە چەند کەسی سەوداگەری سیاسی بە وشەو زاراوەی قولومبە خەلك فریو بدەن و لە سەر حیسابی خوێنی رۆلەکانی گەلێ ژیان بەرنە سەر ؟!

ئەگەر تەماشای راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی هەشت و گۆڕینی پێشەکی بەرنامەی حیزبی دیموکرات بکەین ، ئەم قۆناخەی کە بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی باسی دەکاو چەند سالە سکرتێری حیزب هەولی بۆ داوەو جولانەوەی کوردستانی ئیرانی لەسەر گێراوە گەیوەتە جێ • ئەویش بریتییە لە سرینەوەی وشەو ناوی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە راپۆرت و لە پێشەکێ بەرنامەدا • هەروەها لە یەك ریز دانانی ولاتانی سوسیالیستی-سەرمایەداری لە لیکۆلینەوەدا •

بەلام واش نیە بە گەیشتنی ئەم قۆناخە دوکتور قاسملو حەسابێتەوەو پاڵی لێ بداتەوە ٠ ئەو بۆ فریودانی بەشداربوەکانی کۆنگرە باسی پێوەندی لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستیش دەکات ٠ داخوا هیچ یەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بەشدارانی کونگرەی هەشت پرسیاریان کرد کام پێوەندی ؟ پێوەندی لەگەڵ کام ولاتی سۆسیالیستی ؟

یان کاتیك سەفەری خۆی بۆ (لیما) بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئینترناسیونالی سۆسیالیستی کە تازە ریگاشی نادەن لەوێ نە قسە بکاو نە باسی کورد بێنیتە گۆرێ لە راپۆرت دا بە سەرکەوتنی دادەنێ کەس هەبوو بلێ : کام سەرکەوتن ؟ ئەو سەفەرە بێجگە لە سەیرو سەفای سکرتیر لە ئەمریکای لاتین چی بۆ کوردو بۆ حیزبی دیموکرات تێدا بوو ؟

بە جوانی دەردەکەوێ ئەو کۆنگرانە هەر یەکە بۆ مەبەستێکی نارەسەنی تایبەتی گیراون ٠ هەر وەك گوترا کۆنگرەی شەش بۆ ئەوەگیرا کە جادەی بەرەو سۆسیال دیموکراسی و رۆژئاوا پاك بکاتەوە کە بوو بە هۆی لاواز بوونی بزوتنەوەو هاتنە خواری پرستیژی حیزب ٠ بە خۆرایی نیە پاش تۆپینی کورتە باس کە چوار سالی بە سەر دا تێ پەریوە نەك هەر جاریکیش لە ئەدەبیاتی حیزبی دا باسی نەکراوەو ناوی نەهاتوە ، بەلکو جارو بار لە پەناوە ویستوویانە حاشای لێ بکەن و بە سوێند و پاکانە گۆیا خۆ لە ریبازی سۆسیال دیموکراسی دوور خەنەوە ٠ بەلام ئێستا لە کونگرەی هەشت جاریکی تر دوکتور قاسملو ویستوویە بە ئاواژو کردنەوەی زاراو و گۆتەی زانستی " سوسیالیزمی دیموکراتیك" و " دیموکراسی سۆسیالیستی" بکات یەك و وا نیشان بدا کە گۆیا ئەوەی چەند سال پێش ئەو فەرموویەتی هەر ئەو شتەیە کە ئێستا گۆرباچوڤ دەیلێ ٠

بەلام داخوا کەس هەبوو لە ریبەرانی " ناشورشگێری ئەو دەم " و شورشگێری ئێستا " بلی کاکە کەلەگاییش رادەو ئەندازەیەکی هەیە ٠

www.kerimhisami.com

سۆسیالیزمی دیموکراتیک کە ریبازو تیئوری بۆ چوونی " سوسیال ـ دیموکراسی و ریفۆرمیستی " یە ، لەگەڵ دیموکراسی سۆسیالیستی عەرز و عاسمانی فەرقەو بە هیچ جور نابنە یەك •

داخوا کەس هەبوو بلێ : گورباچۆڤ باسی دیموکراسی سوسیالیستی دەکاو دەلێ : " پێشکەوتنی ولاتمان بێجگە لە چوارچێوەی سۆسیالیزم هەر بە خەیالیشمان دا نایە " • واتە چوارچێوەی سوسیالیزمیك کە لەوێدا چەوسانەوەی فەرد بە دەستی فەرد لەبەین چوەو ریگای نیە • ئەوەش لەگەڵ سۆسیالیزمی دیموکراتیکی تۆ و سۆسیال دیموکراسی رۆژئاوا کە بناغەکەیان لە سەر چەوسانەوە دامەزراوە ، فەرقی زۆرە •

شی کردنەوەی راپۆرتەکانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆ کونگرەکانی حیزب لەم کورتە نووسینەدا جیی نابێتەوە • ئەرکی ئەنداماني حیزبە بە وردی لێ یان بکۆڵنەوەو لە سیاسەتی بەرێوەبەرایەتی حیزب ئاگادار بن •

٢ـ هۆی جیابوونەوەی بەشێك لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و بەیاننامەی دە (١٠) مادەیی ٠

بەر لە هەموو شت دەمەوێ رابگەینم بە پێچەوانەی بۆ چوونی ئەو کەسانەی کە جیابوونەوەو لەت بوونی هێزەکانی کوردیان پێ کاریکی ئاسایی یەو بە لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەڵدەپەرن ، من جیا بوونەوەو ساز بوونی کەرت و دەستەی بچووك و ناکۆکی و شەرە دندووکە بە زیانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەزانم ٠

بێگومان جیابوونەوەی ئەو بەشەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە ناوی " ڕێبەرایەتی شورشگیر " یان لە خۆ ناوە ناکرێ بە ناکۆکی بیرو باوەرو بۆ چوونی سیاسی تاکتیك و ستراتیژی جیاواز دابنرێ٠ ئەوانە تا لە مانەوەی خۆیان لە دەزگای ڕێبەرایەتی دا (وەك هەمیشە بە بەژنیان براب‌ێ) ناهومێد نەبوون ، نەگەیشتوونە ئەو بریارە کە واجیا بنەوەو حیسابی خۆیان لە حیسابی ڕێبەرایەتی هەلبژێراوی کۆنگرەی هەشت (٨) جیا بکەنەوە ٠ یا بە قەولی خۆیان " فراکسیۆنی قاسملو ـ شەرەفکەندی " دەر بکەن٠

لێرەدا لەوانەیە هێندێ پرسیار بۆ ئەندامانی حیزبی دیموکرات بێنە گۆرێ کە پێویستیان بە وەلام دانەوە هەیە٠

ـ داخوا ئەم بریارەو جیابوونەوە بەراستی لەبەر نەبوونی دیموکراسی و ڕێبازی چەوت و دیکتاتۆری و لادان لە پەیرەو و پرۆگرامی حیزب بووە؟

ـ داخوا " ڕێبەرایەتی شورشگێر " تا قۆناخی ئاخری هەلبژاردن و تا پاش کۆنگرەی هەشت هەستیان بەوە نەکردبوو کە دیموکراسی لە حیزبی دیموکرات دا پێ شێل کراوەو دیکتاتۆری خۆی سەپاندوە ؟

ـ داخوا تا پاش کۆنگرەی هەشت ئەوەیان نەدەزانی کە حیزبی دیموکرات

www.kerimbisani.com

" لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی شۆرشگێر تاق کەوتۆتەوەو لە دەرەوەی ئیرانیش سیاسەتی راستگەرایانە بۆتە کۆسپی دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی " ؟

بێگومان لەو پرسیارانە زۆر هەن و وەلامیان رەنگە زۆر شت بۆ کۆمەلانی خەلك روون بکاتەوە • هەر وەك لە پێشەوەدا باسکرا ، لە کۆنگرەی چوارەوە لە ژێر پەردەی دیموکراسی بە درۆدا ، دیکتاتۆریەکی تەواو بە پشت ئەستوری هێندی کەسی بێ شەخسیەت و زمان لوس و مەرایی کەر ، کە لە دەوری رێبەرایەتی کۆ ببوونەوە ، بە سەر حیزبی دیموکرات دا سەپێنرا •

دوکتور قاسملو بە زیرەکی توانی لە بارو دۆخی رەخساوی کوردستان و لە نەزانی و بوودەلەیی دەورو بەرەکەی کە بە ناوی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی کۆی کردبوونەوە ، کەلك وەر گرێ و رێبازی چەوت و دیکتاتۆری خۆی بسەپێنێ • هەر لەو کاتەشدا هەر کاتیك ویستی وەك مۆرەی شەترەنج ئالووگۆریان پێ بکات •

ئەو شێوە ناحەزو ناپەسەندە گەیشتە رادەیەك تەنانەت ئەو کەسانەی کە ماوەی هەشت سال لەبەر دەستی دا هەڵ دەسووران و سلاوەتیان لە دیداری دەدا ئەوانیش هەراسان بن و وەدەنگ بێن و حیسابی خۆیان جیا بکەنەوە • بەلام کەی ؟ وەلە پێناوی چی دا ؟

هەرچەند"رێبەرایەتی شورشگێر " لە بەیاننامەی دە(١٠) مادەیی و لە نامیلکەی " وەلامێك بە ڤیتنەگەری " دا ، ویستوویەتی رەنگی سیاسی و یاخودا نەخواستە ناکۆکی بیرو باوەری بە جیابوونەوە بدات ، بەلام زۆر روونە کە هۆی جیابوونەوە هیچ بنەمایەکی ناکۆکی سیاسی و بیرو باوەریی نیە •

دیسان باش بووە لە کۆنگرەی هەشتەم دا دوکتور قاسملو بە ئاشکرا گوتوویەتی : لیستە دلخوازی خۆم دەدەم و مۆرەکان دەگۆرم و سوکەرو گوێ

www.kerimhisami.com

لەمسنی نازە دینم و ناوی کومیتەی ناوەندیان لەسەر دادەنیم٠

بو چما لە کۆنگرەی چوار شەوی پێش هەلبژاردنی بەدزی چەند کەسی لە نوکەرو بەرەلای سیرمەخۆر کۆنەکردبۆوەو ناوی دلخوازەکانی خۆی لە لیستەیەك دا نەنووسیبوو ، بەیانی رۆژی هەلبژاردن لات و سەر سەری بەنیو کونگرە وەرنەکردو لیستەیان بلاو نەکردەوە ؟

بەلام هیچ یەك لەوانەی کە ئێستا بوونە " شۆرشگێر " و ئەوانەی ئەو دەم " پێشکەوتووخواز " بوون ، چونکە ناویان دەلیستەکەدا هاتبوو هیچ رەخنەیان نەگرت و وەدەنگ نەهاتن ٠

کۆنگرەی شەش کە سەرەتای لادانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانە لە ڕێبازی پێشکەوتووخوازانەی چل ساڵەدا و بە قەولی نووسراوەی " ڕێبەرایەتی شورشگێر " سازانە " لەگەڵ کۆڕو کۆمەلە ئیمپریالیستە- کان و دوورکەوتنەوەیە لە بەرەی شورش " لەو کاتەوە دەستی پێ کردوە٠ بەلام داخوا برادەرانی " ڕێبەرایەتی شورشگێر " یش هەتا ملان لە نێو ئەو زەلکاوەدا نەبوون ؟

داخوا جارێکیش دژی ئەو " سازان " و ڕێبازی " کورتە باس " وەستان ؟ یان ماوەی چوارساڵ بە دڵ و بە گیان و بە سوێند لە ڕێبازی چەوتی کونگرەی شەش دا تێکۆشان و بیری شۆرشگێری و پێشکەوتوو- خوازانەیان فیدای سەفەری ئورووپا و نوێنەرایەتی شەش مانگەی پاریس کرد ؟

لە نووسراوەکانی " ڕێبەرایەتی شورشگێر " وادەردەکەوێ کە هەتا نەتیجەی هەلبژاردن و ناهومێد بوون لە هەلبژاردنی خۆیان لە کونگرەی هەشت دا ، ناتەبایی و ناکۆکیەکی ئەوتۆیان لە بۆچوونی سیاسی و ڕێبازو بیرو باوەردا لەگەڵ بە قسەی خۆیان " فراکسیۆنی قاسملو . شەرەفکەندی " نەبووە چونکە داوا کردنی کۆنگرەی " لە نۆرەبەدەریش " بو چارە سەرکردنی مەسەلەی سیاسی و ڕاستکردنەوەی سیاسەتی چەوتی

www.kerimbisani.com

حیزب نەبووە ، بەڵکو بۆ هەڵبژاردنەوەی سەرلە نوێ و گەرانەوەی ئەوان بۆ کومیتەی ناوەندی بوە •

لە بەیاننامەکەدا گوتراوە : " زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە پلینۆمی پێش کۆنگرەی هەشت و لە رەوەندی کونگرەشدا دوارۆژی دژوار و نالەباری ئەو شێوە هەڵبژاردنەیان چەند جار وەبیر خستەوە" • لێرەدا بە جوانی دەردەکەوێ کە بنەچەکەی ناکۆکی و کێشەو هەرا لە سەر "شیوە هەڵبژاردن " و هەوڵ دان بۆ کورسی ئەندامەتی کومیتەی ناوەندی بوە • چونکە ئەگەر وەك خۆیان دەڵێن زۆربەی کومیتەی ناوەندی لەسەر رووداوە باسکراوەکانی بەیاننامە لەگەڵ " فراکسیون " یەك نەبان و دژ وەستابان، ئیتر دوکتور قاسملو نەیدەتوانی ویست و بۆچوونی خۆی بەسەر حیزبدا بسەپێنێ •

لە بەیاننامەکەدا دەنووسن : " لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا ، واتە لە ماوەی ۹ سال دا دوکتور قاسملو بێ سرنج دان بە ئامانجە بەرزەکانی حیزب و بەرژەوەندیەکانی بزوتنەوەی میللی دیموکراتی (**نەك رزگاری - خوازی !**) هێندیك سیاسەتی لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا بەرێوە بردووە کە ئامانجی دووارۆژیان لەو سیاسەتەدا سازان لەگەڵ کۆرو کۆمەلە ئیمپریالیستیەکان و دوور کەوتنەوە لە بەرەی شورش چ لە رادەی ئیران و کوردستان و چ لە رادەی جیهانی دا بووە" •

دیارە لە ماوەی ئەو ۹ سالە دا زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئێستا ئەو قسانە دەکەن ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و جێگر و موشاویر بوون • بێجگە لەوە وشەو زاراوەو مەتلەبەکانی بەیاننامە ،وەك " سیاسەتی سازان و بەرەی شورش و لادان و ئوپۆزیسیونی ئینقلابی و••• هتد" روون نین و بەسەریاندا تێ پەریون ، بەلام ئەندامانی خاوەن بیر و باوەری حیزبی هەقیانە بپرسن :

ـ ئەدی ئێوە وەك ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی

www.kerimhisami.com

چکاره بوون ؟ دەوری ئێوه له ریبەرایەتی حیزبی دا چ بوه؟ چۆن ماوەی ٩ سال سکرتێری حیزب " به رێنوینی سەعید بدڵ " ئەوەی به سەر حیزب و جولانەوه هێناوه که ئێستا ئیقراری پێ دەکەن و دانی پێ دادەنێن ؟

له بەیاننامەکەدا گوتراوه : " له هەر قۆناخێك دا به بیانویــــەك " فراکسیۆن " دەستی کردوه به پا لاوتنی بێجێ و بێ مانا له نێو خۆی حیزب دا که له ئاکامی ئەو پا لاوتنانەدا ژمارەیەکی بەر چاو لــــە ئەندامانی وشیارو خەباتگێر پاسیڤ بوون و یان له حیزب دەر کراون" !!

کارمان بەوه نیه که هەرچەنده ئەوانەی ئەو ئیقراره دەکەن بوونــــه " شورشگێر " ، بەلام ئێستاش نەیانویستوه یان نەیان وێراوه بلێـــن " ئەندامانی وشیارو خەباتگێر " له سەر بیرو باوەری پێشکەوتنخوازانه و شۆرشگێرانه دەرکراون ٠ بەلام دیسان ئیقرارێکی باشەو ئەم پرسیارەشی بەدوادا دێت :

داخوا ئەندامی حیزب به تاقه کەسێك دەردەکرێ یا دەبێ ئۆرگانێــك به تایبەت ئۆرگانی سەرو بریاری لەسەر بدا ؟

داخوا لەو ئەندامانەی که له حیزبی دیموکرات دا به تاوانی بیــرو باوەری پێشکەوتوخوازی و دژی ئیمپریالیستی و لایەنگری له رێبـــازی سۆسیالیزمی عیلمی دەرکراون کامەیان دەنگی ئەو " شورشگێرانــــه"ی ئێستایان لەگەڵ نەبوه ؟

داخوا ئەوانه وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەنــــدی کەی له دژی دەرکردنی ئەو ئەندامانه بوون و دژی پێ شێل کردنی پیــرەوی نێو خۆی حیزب وەستاون ؟

داخوا له دەرکردنی ئەندامان و له ژێر پێ نانی ئوسولی حیزبی دا ، ئەوانەش شەریك و هاو دەنگ نەبوون ؟

داخوا دژی ئەو سیاسەته خۆیان مات نەکردوەو ئیعتیرازیان گرتــوه؟ لام وایه هەر بۆیەش وەبەر " تصفیەهای بێ رویه " نەکەوتوون٠ !

www.kerimbisarani.com

هەر ئەندامی دەفتەری سیاسی نەبوو کە ئێستا بۆتە " ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ " لە جێگری کومیتەی ناوەندی و لە کادرەکانی حیزبی قەدەغە دەکرد کەنابێ هاتوو چۆی **کەریمی حیسامی** بکەن، مێشکتان تێك دەدا ؟

هەر ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب نەبوو کە ئێستا بۆتە " شورشگێڕ " پسولەی دەرکردنی ئەندامانی تێکۆشەرو خاوەن بیرو باوەری پێشکەوتووخوازی لە حیزب مۆر دەکردو بۆ تێك شکاندنی ورەی کادرو ئەندامانی حیزب و وەفاداری بە ڕێبازی کورتەباس، بانگی ئەندامانی حیزبی دەکرد و دەیگوت : " داوەرە با مۆریکت پێوە نێم " ؟

لە بەیاننامەکەدا یەکی تر لە (دیاردەی ڕێبازی لادەرانەی فراکسیۆن) " مەیلی سازشکارانەو وتو وێژخوازانە لەگەڵ ڕیژیمی کۆنەپەرستی و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی " دەست نیشان کراوە ٠ هەر کەسێکی لەو ماوەیەدا نووسراوەکانی حیزبی دیموکراتی سەیر کردبێ ، رەنگە هیچی ئەوتۆی بەرچاو نەکەوتبێ کە حیزبی دیموکرات لە بارەی ڕیژیم و یا شەر دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەلوێستی خۆی گۆری بێ٠ دوور نیە " ڕێبەرایەتی شورشگێڕ " لەبەر خاتری خاتران و لەبەر پێ خۆش بوونی هێندێ لایەنی بێ سەلاحیەت، مەسەلەی وتو وێژ لەگەڵ کوماری ئیسلامی ـ یان زێندوو کردبێتەوە ٠ دیارە نووسراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران زۆر جار باسی " سەربەخۆیی دەکەن " بە بڕوای من ئیدیعای سەربەخۆیی حیزبێك یا ڕێکخراوەیەك کە لە ژێر رەحمەتی حکومەتیکی دوژمنی نەتەوەکەی خۆیدا ژیان بەسەر دەباو لەبارو دۆخێکی ئاوا نالەباردا خەبات دەکا ، پتر وەگالتە دەچێ تا ڕاستی ٠

بەلام پیاو هەق بلێ حیزبی دیموکراتی کوردستان ، ئەگەر لە هیچ مەسەلەیەکدا سەربەخۆیی نەبووبێ . لە مەسەلەی وتو وێژ لەگەڵ حکومەتی ئێراندا سەربەخۆیی نیشان داوە ٠ جا ئەگەر ئەو هەنگاوە

www.kerimhisami.com

بە تەنیا لە لایەن دوکتور قاسملووەوە هاوێژرابێ . ئەو پەری سەربەخۆیی-یەو جێگای دەستخۆشانەیە• حیزبێك ئەشێ ئەوەندە غیرەت و سەربەخۆیی هەبێ ئەگەر کارێك بە راست بزانێ و بە قازانجی بزوتنەوە بێ ، بێکا و چاوەروانی پرس و فەرمان و ئیجازەی ئەم و ئەو نەبێ • وتو وێژ لە گەڵ دوژمن لە کات و لە بارو دۆخی خۆیدا ، نەتەسلیم بوونەو نە لە شۆرشگێریش کەم دەکاتەوە • نەك هەر ئەوە ، بلاو کراوەی موجاهید لە ژمارە ٢٦٧ ی خۆیدا ،٢٤ی رەزبەری ١٣٦٤ دەنووسی : " پێدا گرتنی حیزبی دیموکرات لە سەر پاراستنی مافی وتو وێژی سیاسی لەگەڵ ریژیم لە ژێر ناوی " سەربەخۆیی بریاردان " دا ، لە راستیدا پێداگرتنی ئەو حیزبەیە لەسەر سەلماندنی جۆرە " مافێکی دەسەلاتی نەتەوایەتی" لە کوردستان کە ئەوە لە بناخەوە لەگەڵ ئیلتیزامی حیزبی دیموکرات بە (وحدت ملی) کە لە گەلالەی شۆرا دا بۆ خودموختاری هاتوە یەك ناگرێتەوە"•

نێوەرۆکی ئەو نووسراوەیە و ئەو بۆ چوونە چ دەگەیێنێ ؟ راستەو راست موجاهید " جۆرە مافێکی دەسەلاتی نەتەوایەتی لە کوردستان" بۆ حیزبی دیموکرات ناناسێ• ئەوانەی لە بارەی " سەربەخۆیی بریار - دانەوە " رەخنە لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەگرن ، راستەو راست هەر لە ئێستاوە سەربەخۆیی و ئیرادەی خۆیان دەخەنە بەر ویست و رەحمەتی ئەو کەسانە ، کە مافی دەسەلاتی نەتەوایەتی بۆ کورد ناناسن•

ئەو دەستەو رێکخراوانەی رەخنەی " وتو وێژ " لە حیزبی دیموکرات دەگرن ، خۆیان لەگەڵ دەستی راستی ترین و کۆرە هەرە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری رۆژئاوا شەو و رۆژ لە وتو وێژ و کەین و بەین و هاتووچۆ دان ، بەلام نە پرس بە کەس دەکەن و نە کەسیش وەبەر نەشتەری رەخنەیان دەدا •

لە بەیاننامەکەدا باسی : " باند بازی و دەستە بەندی و رایەلکەی

جاسوسی و تیرۆری شەخسیەت و پێ شێل کردنی پیرەوی نێو خـــۆ و دیموکراسی و دیکتاتۆری " کراوە٠ بەلام رەنگە تاوانێکی گەورە بـــە گشتی بکەوێتە سەر ئەستۆی هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کـــە ریگایان داوە ئەم وەزعە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا پیـک بێ و ئەوانیش سەیری بکەن ! ئەندامیکی حیزبی کە لە ئۆرگانیك دایـە ، ناتوانێ بە هیچ بیانویەك خۆ لە ژێر باری بەر پرسی لابـداو خەلـــك تاوانبار بکاو خۆی دوور بخاتەوەو بیژی من بەشدار نەبووم و یا ئاگام لێ نەبووە٠ ئەوانەی " ریبەرایەتی شورشگێر " لە بەیاننامەکەدا دەینووسن، بێ هەلاواردن خۆشیان دەگریتەوە ٠ ئەوەندە هەیە رەنگە تاوانـــــــی هێندیکیان کەمتر بێ٠

بەیاننامەی " ریبەرایەتی شورشگێر " پاش باسی ئەو هەموو گەنـد- کاریە لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کە خۆشیان شەریك و هاو دەنگ و هاوکار بوون ، چەند خالی وەك " رێبازی ئەساسی سیاسەتەکانی حیـزب" راگەیاندوە کە بە کورتی بۆ باس کردن دەبن ٠

دیارە ئەو خالانە مەبەستی جوانیان تیدایەو ئەنجامدانیان لـــە بەرژەوەندی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد (نەك میللی دیموکراتیك)دان٠ بەلام ناروون و لێل و بە قەولی رەحمەتی کاك حەسەنی قزلجی : "مشکیان تێدا کوژراوە "!

ئەندامانی حیزب هەقیانە بپرسن کە نووسراوەکانی حیزبی دیموکرات ماوەی ٩ سالە هەر ئەو مەبەست و وشەو زاراوانەیان دووپات نەکردۆتەوە؟

داخوا بە نەزەری " رێبەرایەتی شورشگێر " (ئۆپوزیسیونی ئینقلابی) کامانەن ؟ کام دەستەو حیزب و ریکخراو لە ئێراندا دەگرنەوە؟ مەفهومی وشەی (ئینقلابی) چی یە ؟ چۆن لە (ئینقلابی) تی دەگەن؟ بزوتنـــەوەی ئێستای گەلی کورد لە کام قۆناخ دایە ؟ بزوتنەوەی رزگاریخوازی یە یـــا " میللی دیموکراتیك " ؟ " استقرار رژیم دمکراتیك " یانی چـی ؟

تەنیا سرفی " ریژیمی دیموکراتیك " چێ بۆ کورد تێدایە ؟ گەلـــی کورد لە کوردستانی ئیران تەنیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم وشە قوربانـــی داوە ؟

" مطالب و موضوعات انحرافی و ارتجاعی " لە بەرنامەو ئەساس - نامەدا ، (کە خۆشیان دەنگیان بۆ داوە) کامانەن ؟

لە بارەی " راگرتنی شەری ئیران و عیراق " لام وا نیە شتێکـــی تازەیان نووسی بێ ٠ چونکە پێش ئەو کێشەو هەرایەش ئەم ویستە لـــە بلاو کراوەکانی حیزبی دیموکراتدا دەست نیشان کراوە٠

لە بارەی گێرانەوەی کادرو ئەندامان و پێشمەرگەی حیزبی بـــۆ نێو حیزب ، هەر ئەوەندە بەسە کە بەیاننامەی دووەمی " ریبەرایەتـــی شورشگێر " لەو بارەوە تەماشا بکرێ تا ناراستی و لەرزۆکی و ترسەنۆکی ئەو" شۆرشگێرانە"لەو بارەوە ببیندرێ ٠

بە چەشنی گشتی نەك هەر لە بەیاننامەی حاکەلیوەدا ، بەلکو لـــە نامیلکەی " وەلامیك بە فیتنە گەری " یشدا وشەیەك لە بارەی ناکۆکی بیرو باوەرو ئیدئۆلۆژی یەوە نەنووسراوە ٠ زمانی فارسی بۆ شـــەرە دندوکەو رێز کردنی وشەو زاراوی قولومبە ئەوەندە لە دەستان خۆشە کـــە نووسەری نامیلکەی وا لێ کردوە دەیان لاپەرە رەش کاتەوە ، بێ ئـــەوەی کە باس و موناقەشەیەکی زانستی و بابەتی بێنیتە گۆرێ و ئەندامانـــی حیزب و کۆمەلانی خەلك روون کاتەوە ٠

نێوە رۆکی نامیلکە بە جوانی دەری دەخات کە وەلامی نووسراوەکانی بێ جێ و بێ مانای ، بە قەولی خۆیان " فراکسیون " دراوەتەوە ٠ پتـــر وەدم بە دەمەو شەرە فرێ بازاری دەچێ٠ نووسەر لەو کاتەدا کە لە هێنـــدی شوێن دیکتاتۆری و بێ دیسیپلینی دوکتور قاسملو و دەست و پێوەندە - کانی روون دەکاتەوە ، هەر لەو کاتەشدا بێ شەخسیەتی ئەندامانـــی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی نیشان دەدا ٠

www.kerimnisani.com

ئەندامانی حیزبی دیموکرات هەقیانە بپرسن: ئەوانەی کە ئیستا ناوی " ریبەرایەتی شورشگیر " یان لەخۆ ناوە چۆن دەتوانن خۆیان لە ژیر باری ئەو سیاسەت و هەلویستە نالەبارە بیننە دەریّ کە باسی دەکەن. ئەوان کە ئیستا رابردووی ٩ سالە حیزبی دیموکرات بە بیانوی تاوانبار کردنی دوکتور قاسملو و سەعید بەدەل پوچ دەکەنەوە، خۆیان چ ریگایەك نیشان دەدەن ؟ چ بە خەلك دەلین ؟ تەنیا شەرە دندووکە و بەیان دەرکردن دەردی میللەت و جولانەوەی کورد چارە سەر ناکا .
پیویستە ریبازی تازە و باشتر و دنیا پەسندتر بدۆزریتەوە. نووسراوەکانی " ریبەرایەتی شورشگیر " شتیکی ئەوتۆیان تیدا بەر چاو ناکەوی. ناهەقیش نین ، ئەوان هەموو ئەزموونی سیاسی و تیکۆشانیان لەو ٩ سالەدا لە ژیر سەرکردەیی دوکتور قاسملو وەدەست هیناوە. ئەگەر شتیك بزانن هەر لەوی فیر بوون ، ئەویش ئیستا ئەوەیە کە خۆیان لەسەری دەنووسن . تەماشایەکی بەیاننامەی پاش کۆنفرانسی چوار دەری دەخا کە وشەو رستەو زاراوەکان راست هەر ئەوانەن کە پاش هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دیموکرات دەنووسران و دەرخواردی خەلك دەدران.
تەنیا پی داگرتن لەسەر " شەری چەکدار " دژی ریژیمی ئیسلامی و چونە ژیر بالی هیزیکی دیکەی ئیسلامی ، نە شورشگیری یەو نە بۆ گەلی کۆست کەوتوو و لیقەوماو زامداری کورد هیچی لی پەیدا دەبی.
" ریبەرایەتی شورشگیر " ئەو کاتە دەیتوانی داوینی خۆی لەو هەموو پەلەیە پاك بکاتەوە ، کە وەك تیکۆشەرانی شۆرشگیر شەهامەت و غیرەتی ئەوەیان هەبایە کە خۆشیان لە بەریوە بردنی ئەو سیاسەتە چەوتەی کە باسیان کردوە ، بە شەریك و هاودەنگ و بەرپرس زانی بایە. ئەو دەم دەکرا کۆمەلانی خەلك و ئەندامانی حیزبی بە جیگای بروایان دابنین و بە هیوا بن کە لە جولانەوەی رزگاریخوازی کورد دا دەوری شورشگیرانەیان دەبی .

www.kurdistan.com

نیبین دەلی دان پێ دانانی رك و راست بە هەڵەكان ،ئاشكرا- كردنی هۆیەكانی ئەو هەڵانە ، شی كردنەوەو لێكدانەوەی بارو دۆخێكی كە بوون بە هۆی ئەو هەڵانە ، باس و روون كردنەوەی وورد كە بۆ لابردنی هەڵەكان پێویستە ـ ئاوایە نیشانەی حیزبێكی جێدی ، ئاوایە شێوەی بەجێ گەیاندنی ئەو ئەركەی كە لە ئەستۆی حیزبە و ئاوایە شێوەی پەروەردەو فێركردنی چین و كۆمەلانی خەلك " .

كۆتایی :

بیبرێنەوە ، لەسەر یەك سەرەرای ئەو كەم و كوریەی رێبەرایەتی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران كە بەسەر بەشی هەرەزۆری دا تێپەریوم ، لەت بوونی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران بە زیانی جولانەوەی رزگاریخوازی كورد دەزانم . لام وایە دەبێتە هۆی لاوازبوونی خەبات و دوژمنانی بزوتنەوەی گەلی كورد لە هەر كەولێك دابن و لە ژێر هەر ناوێك دا خۆ حاشار بدەن ، كەلكی لێ وەردەگرن .

ئەو شێوە بەربەرەكانی تەبلیغاتی‌یەی كە لە هەر تك لاوە دەست پێ كراوە ، لام وایە هەڵچوونێكی بێ مەنتق و شەرە دندووكەی بازاری یە . ئەم هەڵوێست و بۆچوونە ناتوانێ هیچ مەسەلەیەك چارەسەر بكاو خزمەت بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد ناكا .

گەلی كورد لە كوردستانی ئیران فیداكاریەكی بێ وینەی كردوە ، خەلك لە ریگای ئازادی دا دەربەدەر بوە ، ماڵ ویران بوە ، قوربانی داوە . دایك و بابی جەرگ براو . خوشك و برای پشت شكاو ، ژن و مندالی بی سەرپەرەست و داماو . گیانی شەهیدانی ریگای ئازادی . لەوكەسانە خۆش نابن كە بەشەرە جنێو و پێك هەڵپرژان و ناو نرتكە لێك نان حوێنی شەهیدان بە فیرو بدەن و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد نووشی ریگای بەردە لان و ئەستەمتر بكەن

www.kerimhisami.com